# بەیاننامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی هەڵوێستی

# (هیئة علماء المسلمین فی العراق) لەسەر یاسای نەوتی کوردستان

لە ڕۆژی 2007/8/7 دا (هیئة العلماء المسلمین فی العراق) بەیانێکی دژی پەسەند کردنی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان دەرکرد.

لەو بەیانەدا دەڵێن پەلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستان نییە و هیچ مافی نییە یاسای لە جۆرە دەربکات.

دیارە ئەم دەستەیە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە گەورانە نییە لە عێراق و کوردستان دا ڕوویداوە. چوار لە هەر پێنج کەسی دەنگی دا بۆ پەسەند کردنی دەستوری عێراق لە مانگی 10ی 2005 دا (نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقدا) مافە دەستوریەکانی کوردستانیان پەسەند کرد.

دەستور دان بە ڕەوایی بوونی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەتەکەیدا دەنێت. جگە لەوەش دەستور دان بە گشت بڕیار و یاسایەکی هەرێمی کورستاندا دەنێت لە نێوان ساڵی 1992 و 2005 دا. دەستور دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی بە شێوەیەکی ئاشکرا دیاری کردووە. پەسەندکردنی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندایە لە بەر ئەوەی نەوت و گاز لە مادەی 110ی دەستوری عێراق (کە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دیاری دەکات) باسی لێ نەکراو. هەر هەرێمێک بە گوێرەی دەستور دروست ببێت، مافی دەرکردنی یاسای تایبەتی خۆی دەبێت بۆ نەوت و گاز.

جگە لەوش حکومەتی فیدراڵی عێراق، بە گوێرەی ماددەی 112 ی دەستور، دەبێت هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان (و هەرێمێکی دیکەی لە ئاییندەدا پێک دێت) بکات بۆ بەڕێوە بردنی ئەو کێڵگە نەوتانەی پێش پەسەندکردنی دەستور لە بەرهەمدا بوون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراقدا لەسەر ئەوەش ڕێککەوتوە کە گشت داهاتی نەوتی عێراق بەسەر هەموو عێراقدا دابەش بکرێت بەو شێوەیەی دەستور داوای دەکات. هاتنی کۆمپانیای خاوەن توانا بۆ کوردستان واتە بەکارهێنانی سەرچاوەی نەوت و گاز بەشێوەیەکی سەردەمانە و بە ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ زیاد کردنی داهاتی ماڵی بۆ عێراق تا هەموو پێکەوە بتوانین وڵاتەکە ئاوەدان بکەینەوە و خۆشگوزەرانی گشت هاووڵاتیانی عێراق بە گوێرەی پێویست دیاری بکەن.

(هيئة علماء المسلمين في العراق) ، كه له دەرەوەی حکومەتی عێراقه و نا دەستوریه وهیچ ڕەواییەکی دیموکراتی له سیستەمی سیاسی وڵاتەکەدا نییه، ڕێ به خۆی دەدات هێرش بکاته سەر پەرلەمان وسەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کورستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هێرشه ناڕەوایه ڕەت دەکاته و ئەرکی پاراستنی ئەو لایەنانه له ئەستۆ دەگرێت که دەیانەوێت له بواری نەوت و گازدا له هەرێمی کوردستاندا کاربکەن.

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هەولێر 2005/8/9